سەرۆک وەزیرانی عێراق پیرۆزبایی جەژنی رۆژووی ئێزی لەپێکهاتەی ئێزدی دەکات



ئەمڕۆ هەینی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەبۆنەی جەژنی رۆژووی ئێزی، پیرۆزبایی لە ئێزیدییەکان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە بەیاننامەیەکدا، دەڵێت: بەبۆنەی جەژنی ڕۆژووی ئێزی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێزیدییەکان دەکات لە ڕۆڵەکانی گەلە بەڕێزەکەمان لە عێراق و جیهان و داواکارە خودای گەورە هەموو عێراقییەکان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بپارێزێت و هەموو ڕۆژەکیان پڕ خێر و خۆشی بێت و نیعمەتی ئاسایش و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی بەسەر عێراقماندا بەردەوام بێت.